زانکـو. نە شیعـرەوە بو پەخشـان. نە فولکلورەوە بو داهێنان لە کوبەوە بو شوێنی (کرێن) نە لە هەرکوی کونیکی جوانی دیبی بوی چووەو ... ی ـ بەبێ حوی کردوتە حاکمی زۆر مونکن. زۆر لیزان و جەسـوورانـە، زۆر عاشقـانـەو دلسورانە. بەمە نیدیوم دەستەواژەو رستەو پەندو شیعری لێك دووری هێناوەتە کن یەك و فەرشی وەرگێـرانـەکـەی هێنـدەی تـر جوان و دلگیرو عاشقانە تر کردووە. لالو عاشقانە، عاشقیش لە سەر قسەی ـ بابە تایەر ـ لە کەس ناترسی، چونکە

**(هیـچ شتی هێندەی ترسنوکی بەرەی ئینسانی ئیکجار وا سەر شور نەکردوە تا ئیستا) ل**

بەلی لالـوش عاشقـانـەو نەترسـانە، لە نێو فەرهەنگی کوردی کورد! ئەو فەرهەنگەی بە هەزاران سالە (خوسرو و شیرین و مەم و زین و خەلیلە پیـرو. . ) کی و کێ، ئەو دەست، ئەو دەست و ئەو دل و ئەو سەر، ئەو سەری پێ دەکـەن و لە چاوی خوێـن چاکتـر دەپـاریـزن. ئەو فەرهـەنگـەی پڕە لە وشـەو دەستـە واژەی مروڤ دوستـی و میـوان دوستی و سروشت دوستی!! پڕە لە حرپـەی دلی عاشق و نەعـرەتـەی شورە سواران، پڕە لە جوینی مزرو قسـەی بە تویکل. . پرەو. . پرەو. . پر!!

ئەوەتــە لە باشـووری کوردستـانـەوە، لە فەرهـەنگی خانی و جزیری، لە قەلای عەبدال خانەوە. گول تیری! (بابزنین بنەمالەی تاشباش تیرو چی یان کردووە؟ ئەز دخوازم چنتەکی ژتە بپرسم) ل گول تیـری و بەرەو خوارەوە شوڕ دەبێتـەوە، توك و دوعـایی دەکات: **(ئەی سپە باوکەهار بوگە. هەی بەگـاو گەردوون تیـرەو رەگـە ماکەی وی. ئەگەرەکە ئەو پیـاو بووگایە، ئەی ئاوایی یە وەی تەورە، لە ئەرەسیا)ل**

بەلێ: ئەگـەر پیـاو بوایـە ئەم ئاوایی یـە وای بە سەر نەدەهات: بەلام! لالـوم: لێ ناگـەرێ وەرگێـرانـەکـەی ئەووەك ئاوایی کابـرای لێ بەسـەر بێ!! ئەمجـارە روو لە دەشتی هەولێـر دەکـات و زۆر جوان و سەرکەوتوانە، پێی دەلێ: (بچو. . لو ناچی؟) ل ئەکەی **(خەونەکە لوکەس بگێریتەوە) ل بێ ترس و شەرم «لو» بەکار دێنی.**

**هونـەری وەرگێـران و زمانزانی و شاعیرانەی لالوشکور، هەر بەوە ناوەستێ، زاراوە کوردی یـەکان لە ناویەك وەرگێرانە کوبکـاتـەوە، بەلکـە ئەم هونـەری وەرگێـرانـەی هێندە تیرە، دەگـاتـە لاپەرترین وشەو سەیر ترین ئیدیوم. وادەکات یەشار وەکـو خوی زور جار بە کوردی پاسـەوانە کانی دەدوینی. لا. فیری شیعری فولکلور بە کار هینا نیسی دەکات. ئنوموونە. لیــدە لە حەوشی گەورە. یـاپـراخـەر ئونکی چەورە) ب**

ئەگەر ئونکی چەور یاپراخی چەور کردووە، باپرسی کەکە بزن چی دەکـات؟: (کەورە ئاحمر، هەی درۆزن، درۆزنی کەکـە بزن) ب . . . بیی: یەکتـر پسی کەکـە بزن کردبی؟ گرنگ نی یە. ئەوە داهێنانە، داهێنانی وەرگێرە.

دیسـان مامـوستـا لە نێـو فەرهـەنگی زمـانی کوردی دەسـوریتـەوە، ئەك هەر تەنهـا وشـەی بە زمـان کوردی. سەیرکـە دەنـووسێ: (**بـە عیبادە ئیبەشەری نائیم**) کە ئەمە لە عەرەبیەوە هاتوونە ئیو زمانی کوردی. یان دەنووسێ (**بیبیتو ـ نالبویـر**) کە ئەمـەنـەش لە تورکی یەوە هـاتـوون. هەروەها دەنـووسێ: (**نـەفراندەیکی**) کە ئەمەش لەخیلەوە سەر زمانی فارسی. یا دەنـووسێ: (**دومـوخـرات دیمـاتـرسی**) کە لە لاتینی یەوە هاتووە.

بەلێ: مامـوستا شکـور چاك دەزانی. فەرهـەنگی زمـانی کوردی، زور لە فەرهـەنـگـی وشـەی بە زمـان کورد دەولـەمـەنـدتـرە. ئەمـەش عەیب نی یـەوحالی هەموو زمـانی دنیـاش هەروایـە. زمـانێکیش ئەگەر نەکرو نەفروش بی دیارە دەردی مرونی ی یە.

دیسـان بەکـارهێنـانی زورو وشـەو ئیـدیـومی تـر، هەمووی نیشـانـەی زمـان دەولـەندی و دەست رەنگیی لالوشکورە. بو نمـوونـە: **لەحنـەت، حەلی، مەمیـدیـك، هەرتکمـان، کێروشك، هێلون، بەگەن، دەو.**

**ئەینك، زلحیز، ئەمگوتنی.** کەئەمانە سەر بچریکە لە میر خوزاریك.

ئەگـەر تا ئیستـا لە گەل داهیـنـی وەرگیرانی ماموستا شکور دابـووین، با ئیستـاش قسـەیـەك لە داهێنانی ـ یەشار کەمال ـ ی. نووسـەربکەین، یەشار کەمال لەو نووسەرانەیە، پالەوانی زوری بەرهـەمـە کانی، لادیی و نەخـوێندەوارو هەژارن. کە ئەمـەش واقعی ژیـانی گونـدنشینـەکانی ولاتەکەیەتی. ئەو بە زوری باس کەسـانیـك دەکـات. کە دوور لە روژگاری ئەمرو دەژین: خەلکی گونـدە دوورەکـانن، گوندە دوور کانی چیایە دوورەکان، چیایە دوورەکانی ژیر بەفرو لە دنیا دوورەکان. ئەو

